




منداڵە ئازیزەکان هەمووتان پێشەوا قازی محەممەد دەناسن و دەزانن کە یەکەم سەرۆک کۆماری کورد بووە. ئەم تێکۆشەرە بۆ خزمەتکردن بەگەلەکەی زۆر تێکۆشاوەو لە پێناو گەلەکەی‌دا گیانی لەدەست داوە. لە دەیەم ڕۆژی یەکەم مانگی بەهار دا واتە ١٠ی خاکەلێوەی **١٣٢٦**ی هەتاوی بوو کە لەلایان ڕژیمێکی زاڵمەوە لە سێدارە درا و شەهید بوو. هەر بۆیە ١٠ی خاکەلێوەیان بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان داناوە. ئێمەش وەک ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕۆژەدا ڕێز لە یادی شەهیدان دەگرین‌و بە ئێوەش دەڵێین‌کە هیچ‌کات ئەو ڕۆژەتان لەبیر نەچێ. هەر بژین و سەرکەوتوو بن.




## وتەی ئەمجارەمان

**منداڵە ئازیزەکەن!**
**بەهار یەکەم وەرزی ساڵی هەتەوای و کوردی‌یە. هەر وەرزە و تایبەتمەندی‌یەکی خۆی هەیە. هەمووتان دەزانن کە وەرزی بەهار وەرزێکی سەرسەوز و دڵگرە.**
**لە وەرزی بەهار دا خۆر درەنگتر لە وەرزەکانی دیکەی ساڵ ئاوا دەبێ. بۆیە کە دەڵێین ڕۆژگاری بەهار درێژە و شەوگاری کورتە. بەهار لە سێ مانگی خاکەلێوە،بانەمەڕو جۆزەردان پێک هاتوە کە هەر مانگەو جوانی‌یەکی تایبەت بەخۆی هەیە.**
**خۆشەویستان! هەروا کە دەزانن‌و دەبینن، لەم وەرزە جوانە دا هەموومان ڕوو دەکەینە سەیرانگاکان بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش تێپەڕ بکەین. ئێوەش ئەمە بە ئەرکی خۆتان بزانن کە کاتێ دەچنە سەیران،ئەو شوێنەی کە لێی دادەنیشن پاکو خاوێن‌ڕابگرن و لەگەڵ هاوڕێکانتان دەبێ ئەو ژینگە جوانە بپارێزن. ئەگەر ئێمە ژینگە نەپارێزین،ژینگە ناحەز دەبێ و ئەو گوڵ و سەوزایی‌یە جوانانە بەتەواوی لەبەین دەچن. واتە هەر شتێکمان بەکار هێنا دەبێ پاشماوەکەی بخەینە نێو زبڵدان و فڕێی نەدەینە سەر زەوی و سەوزایی. کەوایە با قەدری وەرزە جوانەکانی ساڵ بزانین و خۆمان بیان‌پارێزین.**

سەرنووسەر



پۆلێك لە منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باخچەی ساوایانی بڵوان‌ئاوای شاری دێولانی ڕازاوە و خۆشەویست.




نەجیبەخان کچی زانا و شاعیری گەلەکەمان مەلای گەورەی کۆیەیە کە ١٩١٧/٩/٨ لەشاری کۆیە لەدایك بووە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا ئەوکات کە خەڵك تەنانەت کوڕەکانیشیان نەدەنارده قوتابخانە، باوکی، نەجیبەخان دەنێرێتە قوتابخانە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی درێژەی بە خوێندن داوە. ئەو ژنە تێکۆشەرە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و بۆتە ئەندامی پارتی هیوا و لە هەمان کاتیش دا لە هۆشیار کردنەوەی ژنانی ئەوکات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. نەجیبەخان لەسەردەمی کۆماری کوردستانیش دا لە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا لە نێو کۆمەڵانی خەڵك و بە تایبەتی ژنانی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە.ساڵی ١٩٥٣ کە یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان دامەزراوە نەجیبەخان بە نهێنی بووەتە سەرۆکی بەشێکی ئەو یەکیەتییە لە شاری کۆیە. بەشێک لە بەرهەمەکانی ئەم ژنە تێکۆشەرە بریتین لە: مێژووی کۆیە _ مێژووی بنەماڵەی جەلی زادە_ هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان لە سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ دا _ کۆمەڵێك چیرۆکی فۆلکلۆری و دیاری کوردەواری. نەجیبەخان ساڵی ١٩٩٩ بە هۆی نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردوە.

ئامادەکردن: شیلان قوربانی فەر

عادل، چوون بۆ مەدرەسە گەورەترین ئاواتیەتی. تەمەنی ٩ ساڵە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە بچێ. کاتێک ئەم پرسیارانەمان لێکرد و گوتمان بۆ گۆڤاری منداڵانمان دەوێ، عادل



بەداخەوە نەیدەزانی گۆڤار و ڕۆژنامە چییە. پێی دەگوتین هەر کات بڵاوتان کردەوە ئەمن دەبەنە مەدرەسە دەرس بخوێنم؟! با عادل خۆی بۆمان باس بکا:

**دنیای منداڵان:** چۆنی بەقوربان، ناوت چیە و تەمەنت چەندەیە؟

**عادل:** وەڵڵا ناوم عادلە، تەمەنیشم ٩ساڵە.

**دنیای منداڵان:** بۆ ناچی بۆ قوتابخانە؟

**عادل:** من مەجبورم کە کار بکەم لەبەر فەقیری ناتوانم و کرێنشینیشین.

**دنیای منداڵان:** ئەی کەس و کارت هەیە؟

**عادل:** ٤ خوشکم هەن و دایک و باوکیشم ماون. باوکیشم دەست فرۆشە. من ئەگەر کار نەکەم ناتوانین کرێ خانوو بدەین.

**دنیای منداڵان:** ماوەی چەند ساڵە ئەم کارە دەکەی؟

**عادل:** ٤ ساڵە ئیشی بۆیاخ دەکەم. دەچمە بەر چاخانەکان ڕۆژی هەشت کاتژمێر. بەخوا مەجبورم.

**دنیای منداڵان:** چ ئاواتێکت هەیە؟

**عادل:** ئاواتم ئەوەیە بچمە مەکتەب و ببمە مامۆستا یان دوکتور. بەڵام بەخوای نەمتوانیوە بچم.

دیمانە: دنیای منداڵان

دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
سەرنووسەر:
ئازاد عەباسیان
azadabasyan@yahoo.com
دەستەی نووسەران:
هاناوریا، شیلان قوربانیفەر، بێگەردعەلیپوور
فتوشاپ و دیزاین:
ئازاد محەممەدزادە
پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanykurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
Tel:+٩٦٤٧٥٠٣٢٢١١٤٠



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



پیاوێک لەگەڵ ژنەکەیدا دەمەقاڵەی دەبێ و بە عاجزی لە ماڵ دەچێتە دەرێ. کاتی نیوەڕۆ دەیەوێ ژنەکەی ئاشت بکاتەوە، تەلەفۆن دەکا بۆ ماڵەوەو دەڵێ:

« گوڵەکەم چیت لێناوە بۆ نیوەڕۆ؟»

ژنەکەشی کە هێشتا هەر توڕەیە، بە توڕەییەوە دەڵێ:

« ژەهری مار.»

پیاوەکەش دەڵێ:

«دە باشە گوڵەکەم تۆ نانی خۆت بخۆ ئەمن لە بازاڕ نان دەخۆم.».

ئوتۆمبیلێک لە کابرایەک دەدا و قاچێکی دەشکێنێ. شۆفێرەکە دەیەوێ لەگەڵ کابرای قاچشکاو رێک بکەوێ تا تووشی مەحکەمە نەبێ، کابرای قاچشکاویش بە هەلی دەزانێ و داوای سەدهەزار دینار دەکا. کابرای شۆفێر لە وەڵامی ئەم داوایەدا دەڵێ:

«بۆ تۆ وا دەزانی من ملیۆنێرم وا داوای سەدهەزارم لێ دەکەی؟»

کابرای قاچشکاویش دەڵێ:

«ئەی بۆ تۆش وا دەزانی من هەزارپێم وا قاچێکت شکاندووم و دەشتەوێ لێت خۆش ببم؟»

ژنێک مەڕێکی کڕیوە و قەسابێکیشی بانگ کردوە تا بۆی سەرببڕێ بۆ ئەوەی بیکا بە قوربانی.

بەر لەوەی قەساب مەڕەکە سەر ببڕێ ژنەکە دەڵێ:


«ئەم مەڕەم خێر بێ بۆ دایک و باوکم لە بەریتانیا، بۆ خوشکم لە ئەڵمانیا، بۆ خاڵ و خاڵۆژنم لە سوید، ...»

کابرای قەساب قسەکەی پێ دەبڕێ و پێی دەڵێ:


«ئەرێ خوشکم تۆ گۆرانی داواکراو پێشکەش دەکەی یان قوربانی دەکەی؟»

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمان رەنگێنن







بەقەڵەم لە ١ تا ١٠ برۆن پاشان رەنگی بکەن.








## ئایا دەزانن کە:

**لە جیهان دا بە ٦٠٠٠ زمانی جۆراوجۆر قسە دەکرێ؟**





## گورگ و کەر

ڕۆژێکیان کەرێك لە کاتی لەوەڕدا لە مەزراکە دور کەوتەوە. لەناکاو گورگێك خۆیی هاویشتە سەر ڕێگاکەی.

کەرەکە زۆر ترساو بیری کردەوە ئەگەر فێڵێك نەکا، گورگەکە دەیخوا، بە شەلە شەل وەڕێ کەوت و یەکێك لە پاشووەکانی هەڵگرت.

کەرەکە بەناڵەناڵەوە گوتی: ئەی مامە گورگە دڕوویەك چۆتە نێو لاقم و مەمنون دەبم کە



لەپێش خواردنم ئەو دڕووە لە لاقم بێنیە دەرێ.

گورگەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی: بۆچی دەبێ ئەمە بکەم خۆ ئەمن هەر دەتخۆم.

کەرەکە گوتی: ئەو دڕووەی کە لەنێو لاقی من دایە زۆر ئازارم دەدا و ئەگەر تۆش من بخۆی ئەوە دڕووەکە لەقوڕگت دەچەقێ و دەخنکێی. گورگەکە بیری کردەوە کە کەرەکە ڕاست دەکا و هەر بۆیەش لاقی کەرەکەی گرت و گوتی: دڕووەکە لە کام شوێنە؟



من هیچ شتێك نابینم. سەری بردە پێشێ کە جوان چاوی لێ‌بکا. لەو کاتەش دا کەرەکە دەرفەتەکەی بەباش زانی و لووشکەیەکی باشی لێ‌داو ددانەکانی گورگەکەش هەموویان هەڵوەرین. کەرەکە بەپەلە لە شوێنەکە هەڵات. گورگەکەش زۆر تووڕە بوو کە کەرێك هەڵی‌خەڵەتاندووە.

لە ئینتێرنێتەوە وەرگیراوە

و: نێعمەت مەلا

بەشی یەکەم:

## پارێزگاری لە پاک و خاوێنی ماڵەوە




منداڵەجوانەکان! وەك دەبینن ڕۆژانە لە ماڵەوە دایکمان زۆر ماندوو دەبێ، تاکو بتوانێ ماڵەوە جوان و پاك و خاوێن ڕابگرێ. کە وایە ئێمە دەبێ بەم شێوەیە هاوکاریی دایکمان بکەین. کاتێ لە ماڵەوە کاغەزێك بە کار دەهێنین و لە دواییدا کارمان پێی نامێنێ، ئەوا هەر لەو شوێنەدا فڕێی نادەین و بە جێی ناهێڵین و دەیخەینە نێو زبڵدانەوە. هەروەها لە کاتی پێویستیدا دەستەسڕ «دەسماڵ‌کاغەزی» بەکار دێنین، لە پاشان دەیخەینە نێو زبڵدانەکەوە. کاتێ لە ماڵەوە بیسکویت یان میوە و شیرینی سوودبەخش دەخۆین، دەبێ بیخەینە سەر دەوری‌یەك بۆ ئەوەی نەڕژێتە سەرڕایەخی نێو ماڵەوە. لە دوای نان خواردن دەست و دەممان بە باشی دەشۆین و تا دەستەکانمان خاوێن نەبێ دەستکاری جلوبەرگەکانمان ناکەین. کاتێ لە دەرەوە دەگەڕێینەوە ماڵەوە، یەکسەر کەوشەکانمان دادەکەنین‌و لە شوێنی کەوشەکانیان دادەنێینین، تا ماڵەکەمان پیس نەبێ.

شەونم هەمزەیی



**ئایا دەزانن کە:**

**بۆ دروست کردنی دیواری چین،ئاردی برنج بە کار هاتوە؟**



# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

## وانەی سێیەم: ئاژەڵەکان animals

بێگەرد عەلی پوور

A B C E F G H I J k L M N O P Q R S T U V W X Y Z

a b c d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z




ژینگەپارێزی ئەرکی هەمووومانە
ژینگە ماڵی خۆمانە

child protection centre - East of kurdistan



# «رێوی و کەڵەشێر»



چیرۆکی سێیەم لە کتێبی بەرخە سپی

رێویەک بیانۆی بە کەڵەشێریک دەگرت کە گوایە کەڵەشێرەکە کارێکی زۆر خەراپی کردوە بە دەنگە بەرزەکەی ئازاری خەڵک دەدات. رۆژێکیان شەڕ لە نێوانیاندا دروست بوو، رێوی دەیگوت تۆ



بەردەوام بەیانیان ژیان لە خەڵك تێکدەیت. کەڵەشێر لە وڵامدا ئەی گوت بە پێچەوانەوە من وا لە خەڵک دەکەم بەیانیان بچنە سەر ئیش و کاریان. رێویەکە دەیگووت تۆ بەردەوام لە سەر ئەم دیوار و ئەو دیوارو ئەم سەربان و ئەو سەربان هەڵبەزودابەز دەکەیت،



بە چینە کردن شتی خەڵکی بلاو دەکەیتەوە، نە هێلکە دەکەیت، نە شیرت هەیە. نەی دەهێڵا کەڵەشێر وڵامی بداتەوە بە پەلە هەڵی کوتایە سەری و دای پاچی و کردی بەژەمە خواردنێکی خۆی، کەواتە وتووێژ لە گەڵ هەموو ستەمکارێک ئەمە ئەنجامیەتی.

عومەر تۆفیق



پەیامی مەمەندی
رێکەوتی ٢٩/١/ ١٣٨١
رۆژی لە دایکبوونی‌یەتی.

دنیای منداڵان:
پەیام گیان رۆژی لە دایک بوونت پیرۆز بێ.
منداڵە خۆشەویستەکان، بۆ بڵاوکردنەوی وێنەی جەژنی لە دایک بوونتان دەتوانن وێنەکانتان بێنن بۆ منداڵپارێزیی، ئێمەش لە دنیای منداڵاندا بلاویان دەکەینەوە.

## کام رێگا دەگاتە کۆتایی





منداڵانی رۆژهەڵات بە کێشانەوەی وێنەی جۆراوجۆر لەسەر کاغەزێکی **٥٠** میتری، خۆشەویستیی خۆیان بۆ گشت منداڵان دەربڕی و لەم رێگەیەوە پیرۆزبایی نەورۆزیان بەگشت منداڵانی کورد گوت.


پەیامی منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرجەم منداڵانی کورد « نەورۆزتان پیرۆز بێ، ئێمە وڵاتێکی ئازاد و دوور لە شەڕمان دەوێ. وڵاتی ئێمە کوردستانە. ئەم وێنانە جەژنانەی ئێمەیە بۆ هەموو منداڵان»











## چواله بادام almond

منداڵه خۆشەویستەکان!
ئەم جارە باسی بادام دەکەین، با بزانین چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟!
چواله بادام قازانجی زۆری بۆ لەش هەیە :
بادام چەورییەکی دەگەڵە کە دەبێتە هۆی هێنانەخواری چەوری نێوخوێن بە تایبەتی ئەو چەورییە خراپە و لە ئاکامدا دوورکەوتنەوە لە نەخۆشییەکانی دڵو تەنانەت دابەزینی کێشی لەش. هەروەها پێشگیری لە گیرانی ماسۆڵکەکان دەکا، بەر بە چوونەسەری لێدانی دڵیش دەگرێ. پۆتاسیۆمی تێدایە، پۆتاسیۆمیش دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی ماسوولکەکان، وەگەڕخستنی دەمارەکانو تەنزیم کردنی پەستانی خوێن.




هەروەها بادام ڕێژەیەکی زۆری کەلیسیۆمو پرۆتین تێدایە، کەلیسیۆمو ڕیشاڵی نێو بادام دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە گەورەو ئەسیدێکی تێدایە بەنێوی (ئەسید فولیک) کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی شێرپەنجەی منداڵدان، کەواتە بە هۆی بوونی ئەسید فولیک بۆ ئافرەتە دووگیانەکان گەلێک بەسوودە. بوونی کەلیسیۆم لە چواله بادامدا دەبێتە هۆی پتەوبوونی ئێسکو ددانەکانو بەر بە پووکی ئێسک دەگرێ.



بادام یەکێک لە سەرچاوە باشەکانی وزەیە بۆ مێشک، پێشگیری لە بەردی توورەکەی زراو دەکا، دابەزێنەری قەندی خوێنە واتە بۆ نەخۆشی شەکرە زۆر باشە. بەشێوەیەکی گشتی پێشگیری لە هێندێک لە نەخۆشییەکانی سینگو سییەکانیش دەکا.
کەواتە تا بۆتان دەکرێو دەرفەتتان هەیە بادام بخۆنو خۆی لێ مەبوێرن بە تایبەتی لەم وەرزەدا.

سەید جەلال ساڵحی

## پاک و خاوێنیی ددان




ددان یەکێک لە گرینگترین بەشەکانی کۆئەندامی هەرسە. ددان یەکەم بەشە کە خواردن ورد دەکا و دەیهاڕێ. یارمەتیی گەدە دەدا بۆ باشتر تێکەڵ کردنی خواردنەکان.
ددانی مرۆڤ سێ بەشە:



١. یەکڕیشەیی، واتا ددانەکانی پێشەوە.
٢. دوو ڕیشەیی واتا خلێنەکانی نێوەڕاست.
٣. سێ ڕیشەیی واتا خلێنەکانی دواوە سەرەوە و خوارەوە.


بۆ پارێزگاریکردن لە ددانەکانمان دەبێ ئەو خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرین:

١. مسواکلێدان یا شۆردنی ددان پاش ژەمەکانی خواردن.
تێبینی « مسواک و خەمیرددانی منداڵان لەگەڵ هی گەورەکان جیاوازیی هەیە».



٢.کاتی لەق بوونی هەر ددانێک نابێ زمانی لێ بدرێ، چونکە ددانی نوێ کە دەڕوێتەوە خواردەبێ.
٣. نابێ شتی سەخت و ڕەق بە ددان بشکێندرێ.
٤. نابێ شتی وەکوو دەرزی و سەنجاق.. بە کاربێنرێ بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان.
٥. لە کاتی تووش بوونی هەر ئازار و ئیلتهاباتێک پێویستە سەردانی پزیشک بکرێ.

ڕەحمان مەحموودی



**ئایا دەزانن کە:**
**منداڵێکی ٤ساڵانە لە ڕۆژ دا زیاتر لە ٤٠٠ پرسیار دەکا؟**




## دڵسۆزترین دایناسۆری جیهان

منداڵە خۆشەویستەکان! دەمەوێ باسی یەکێك لە میهرەبانترین و دڵسۆزترین دایناسۆرەکانی جیهانتان بۆ بکەم.ئەم دایناسۆرە ناوی میاسۆرایە بەمانای (دایکی مارمێلکەی دڵسۆزە).میاسۆراکان گیاخۆر بوون و بە شێوەی رەوە ژیانیان بەسەر بردوە و هەموو بەهاوکاریی یەکتر هێلانەکانیان دروست دەکرد. بەڵام بە هۆی ئەوە کە زۆر گەورە بوون و نەیاندەتوانی لەسەر هێلکەکانیان دانیشن، سەری هێلکەکانیان بە پووشو پەڵاش دادەپۆشی. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە زاناکان پێش ئەوەی ئێسکی ئەم دایناسۆرە ببیننەوە وایاندەزانی ئەوانیش وەك دایناسۆرەکانی دیکەو خشۆکەکانی دیکە دەکەن کە هێلکەکانیان لە ژێر زەویدا دەشارنەوەو جێیان دەهێڵن. بەڵام ئەم جۆرە دایناسۆرانە هێلانەیان بۆ خۆیان دروست دەکردو ئاگایان لە هێلکەکانیان دەبووتاکوو بێچووەکانیان لە هێلکە سەردەربێنن و تا کاتی گەورەبوونیان لە مەترسیی گیاندارە دڕندەکان بیانپارێزن و خواردنیان بدەنێ.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

و: پەیام





دیاری لە لایەن ئاشنا مارفزادە

### کەو

من کەوی کوردستانم
دەنگ خۆش و خنجیلانم
راوچییان راوم دەکەن
حەز گۆشتەکەم دەکەن
منیش خێرا دەخوێنم
هەمووان بە خەبەر دێنم
دەفرین بۆشاخێکی تر
ناخۆشە تەقەی تاپڕ
خوایە راوچی نەمێنێ
کەو ئازاد بێ و بخوێنێ
خۆزگە منداڵانی کورد
وەک من دوعایان دەکرد

فەرەیدون مامەند

### چوار خشتەیی ٣


| 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ■ | | | | | ژ | 1 |
| | | | | ■ | | 2 |
| | ■ | | ■ | گ | | 3 |
| | ■ | | | | | 4 |
| | | ■ | | | ■ | 5 |
| ■ | | | | | | 6 |

ئاسۆیی ←

١. دەبێ بیپارێزین
٢. مەڕو بزن بەخێو دەکا
٣. گڵ بە پێچەوانە
٤. ناوی وڵاتێکە
٥. لە نێوان ٢ و ٤ دایە
٦. لە هاویندا پلەی دەچێتە سەر

ستوونی ↓

١. ناوی گوڵ و کچێکە
٢. ناوێکی سەیر و سەمەرە
٣. نش_ مێ نییە
٤. هەڵگورد بە بێ هەڵ
٥. ها_ دەڵێن وەک... سووکەلەیە
٦. دوور نیە




| 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | ۆ | ر | و | ە | ن | 1 |
| ێ | ■ | ■ | ر | ا | ە | 2 |
| ■ | ە | ا | م | ■ | ر | 3 |
| ە | ە | ■ | ە | ز | م | 4 |
| ر | ۆ | خ | ■ | ێ | ■ | 5 |
| ■ | ر | ا | ە | ە | ب | 6 |


وەڵامی چوار خشتەیی ژمارە ٢





# منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو خاڵخاڵۆکەیە ساز بکەن و تۆپەکەش بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوە بکێشنەوە و پاشان بینێرن بۆ منداڵپارێزی و خەڵات وەربگرن

کەرەسەی پێویست بۆ دروست کردنی خاڵخاڵۆکەکە
١. دوو داییرەی رەش و دوولەتە دایرەی سوور کون کون کراو٢. چەسپ و مەقەست ٣. چەند لەتێکی باریک و بچووک کاغەز.





جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە بدۆزەوە






**ئایا دەزانن کە:**

**بۆ ساز کردنی بورجی ئیفل ۵/۲ میلیۆن پیچ و مۆرە بە کار هاتوە؟**



# وڵاتەکەمان بناسین

## «شاری بیجار»

شاری بیجار یەکێک  لە شارەکانی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ١٤٢ کیلۆمیتری باکووری روژهەڵاتی شاری سنە،لە باکوورەوە لە گەڵ پارێزگای زەنجان، لە باشوورەوە لە گەڵ شاری قوروە، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شاری هەمەدان، لە رۆژئاواوە لە گەڵ شاری دیواندەرە هاو سنوورە. شاری بیجار بەرزترین شاری رۆژهەڵاتی کوردستانە کە ٤٢٥ متر لە شاری سنە بەرزترە. شارستانی بیجار لە ٢٨٨ ئاوایی و ٥ گەورە دێ وەک حومە، خورخورە، سیلتان نەجەف ئاوا، سیا مەنسوور پێک هاتوە. بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە. بەشی هەرەزوری خەڵکی ئەم ناوچەیە بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری‌یەوە سەرقاڵن، بەرهەمە کشتوکاڵی‌یەکانی ئەم شارە بریتین لە گەنم، جۆ، ترێ و نۆک و... .بەشی تریشیان سەر قاڵی دروست کردنی قاڵی و گلیمن وبژێوی خۆیان بەم شێوەیە دەستەبەر دەکەن. پێویستە بگوترێ کە قاڵیی بیجار لە بواری جوانی و قایم بوونیەوە ناو بانگی جیهانیی هەیە. ئەم ناوچەیە خاوەنی زیاتر لە ٦٠ ئاسەواری مێژوویی‌یە کە گرینگ ترینیان بریتین لە قەڵاێ قمچقای، قەڵای چەنگیز، قەڵای بانو،مزگەوتی مێژوویی خەسرەوئاوا، پردی مێژوویی سەڵوات ئاوا. کێوە بەرزەکانی بیجار بریتین لە حەمزە عەرەب، نەقارە کووب، بادامستان، زاغالی، نسار، چنگ ئەڵماس، شانشین و شاها کە جوانییەکی بێ وێنەیان بەم ناوچەیە بەخشیوە. هەر بە هۆی هەبوونی ئەم کێوانەوە چەندین جۆرە ئاژەڵ و باڵندەی کێوی وەک مەرەکێوی،بەراز، گورگ، رێوی، چەقەڵ، هەڵۆ،کەو....لەم ناوچەیە هەن.

محەممەد محەممەدی

## وێنەی خنجیلانەکان لە دنیای منداڵان


چۆمان مەحموودی



هاوارمحەممەدی


رۆژینا


بیتا پرکاڵ


ئانیا ئارام عەزیز



رۆژین شێخانی



ئایدین ئەحمەدی


ئاوێستا فەتحوللا


مالک و مانی لوقمان


باسان مەریوان


هانا هەڵگورد



هۆمام محەممەدی


ژوان هەژار



ئاریان دێمە


سارم قەویپەنجە


ئاشتی ئەمین زادە


فەرزاد ئەحمەدپوور

# نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵاندا






سنور ڕەحیمی



سەفین سامی



سان سەرتیپ



محەممەد نازم




مریەم فەلاح مربین




مریەم یوسف



کانی هەیکەلی



هاوبیر هۆشمەند



فرمێسک محەممەدپوور



نارین جەمال



گەشبین لوقمان



ڕەوا ئازاد



گەشاو لوقمان



ئاریان ئەحمەدی



گزینگ لوقمان

